لووتکە

سال پنجم

شماره ۵۸

٤ صفحه

شنبه

١٦ اسفند ١٣٩٩

٢٠٠٠ تومان

١٦ی رەشەمێ ٦/٢٧٢٠ مارس ٢٠٢٠

توزیع: کوردستان، کرمانشاه، ایلام، آذربایجان غربی

تایبەت نامەی شێعری ڕۆژهەڵات

نەورۆزی پەیوەندییە کانمان پیرۆز

[وێنە محەممەد موعتەمەدی]

سخن لووتکه

نوروزتان دور از بلایای زمینی و آسمانی پیروز باد

همراهان، عزیزان خواننده وگرامیان قلم بدست دوست داشتنیم!

با درودی دگر باره همچون سالیان گذشته! پیشاپیش فرا رسیدن نوروز باستانی را صمیمانه به شما استادان فرهیخته، شاعران، نویسندگان، هنرمندان، و قلم بدستان توانا و دلسوز منطقه غرب کشور بویژه مردم دوست داشتنی کوردستان سرسبز و ادب پرور در جای جای کشورمان تبریک و تهنیت می‌گویم. بدان امید که سال پیش رو سال صلح، آزادی و گسترش عدالت اجتماعی دور از فقر و... (ادامه در ص۲)



[ڕەحیم لوقمانی]

نەورۆز

ڕۆژ لە ئاسۆی سوور شەوق ئەداتەوە
ئەڵێ ئەمسالّیش نەورۆز هاتەوە
سروشت سەرپاکی جوانی ئەنوێنێ
وەک بووکی ڕازاو خۆی ئەخەملێنێ
دەشت و کوێستان و لوتکەی بەرزی کێو
بزەی بەهاریان کەوتۆتە سەر لێو
بەفری تواوەی سەر شاخی تەمبار
ئەبێ بە فرمێسک چۆڕ چۆڕ دێتە خوار
هاژەی شەتاوی بن کوێستانی بەرز
گابەرد ئەتلێنی، کەڕ دێنێتە لەرز
کێژی دارستان لە شایی چەما
بە مۆسیقای ئاو دێتەوە سەما
باخ و ڕەزی شاخ یان مێرگ و چیمەن
خشڵی ڕازاوەی بژوێنی دیمەن
سەوزایی دەشت و زنجیرەی کوێستان
تاریف ناکرێ جوانی کوردستان
کەوی دڵداری ئازادی و جوانی
دەروونی کەیلی سۆزی گۆرانی
بەری حەسرەتی دڵ ئەکاتەوە
بانگی پەڕاوپەڕ دەنگ ئەداتەوە
لە سەر قەندیل و شاهۆ و نەکەرۆز
ئەڵێ گەلی کورد نەورۆزتان پیرۆز



[عبدالرضا رادفر (آرام کرمانشاهی)]

سرودی در رثای خسرو آواز

اشکهایی به فراقِ تو روانند ؛ دریغ
دم فرو بسته ی مجبورِ زمانند ؛ دریغ
تو به معراج هنر رفتی و مردم ، به دریغ
از شکوهت همگی اشک فشانند ؛ دریغ
حق ندارند کسانی که ترا رنجاندند
تسلیت گوی تو باشند و بمانند ؛ دریغ
شرمشان باد که یک ملت در بندِ خزان
درد و اندوه ؛ غریبانه بخوانند ؛ دریغ
از صدا و هنر و روحِ رهایت ؛ استاد !
گزمکان تا که هنوز از تو رمانند ؛ دریغ
در هراسند غُرابان ، به چه آیین باید
خبرت را به جهانی برسانند ؛ دریغ
این روا نیست که تحریر و ترانه ز غمت
دست و پا بسته و بی یار بمانند ؛ دریغ
پرده گردانی زابل به نفیر و به حزین
طرز وعشاق ؛ همه پشت خمانند ؛ دریغ
حیف و آزرم نباشد که بجای بوسه
به رُخَت ، گُل ،به مزار تو نشانند ؟!؛ دریغ
نو رَسانی که بهاران به گل و بار رسند
دادِ دل را ، زغمِ تو نستانند ؛ دریغ !
زنگِ آن چنگ و نوا و نی و یارانِ طرب
ساز و موسیقی تو ؛ جامه درانند ؛ دریغ
گنجِ میراثِ صدایت ؛ به دُرافشانی و عشق
نغمه ها ، آه همه مویه کُنانند ؛ دریغ
شور و ماهور و سه گاه و بم و زیر و دشتی
داغدارِ غمِ آوازِ جهانند ؛ دریغ
اوجهایی که تو خواندی ؛ همگی ، از غمِ تو
در فرودند و ز سَر ، موی کَنانند ؛ دریغ
تو که هستی ،؟ که مفاخر به تمامِ دنیا
این چنین فخرکنان رشکِ زمانند !؛ دریغ
تو به اعجاز شبیهی و صدایت ، ماناست
راکِ آن راست که امروز خمانند ؛ دریغ
حنجره ؛ پنجره ی روشن خود را بربست
حافظ و سعدی وخواجو نگرانند ؛ دریغ ..

کرمانشاه نوزدهم مهرماه نود و نه خورشیدی بغض
روحم آزرده شد از این همه رسوایی بغض
بغضِ یک باغِ سیاه از شب و تنهایی بغض
غنچه هایش به تبر های خزان ، در خون غرق
ریشه ها نیز ، گره خورده ی بی پایی بغض
سروهای کهنِ طعمِ بهاران در کام
مات و مبهوت ، زسر ریزی و پیدایی بغض
بغضهایی که گره خورده از آوارِ دروغ
غافل از شعله ی بنیان کن و زیبایی بغض
گر چه از بغضِ فرو ریخته در حنجره ها
راهِ هر روزنه یی ، بسته به میرایی بغض_
_ روحِ خورشید؛ نهیبی به درختان زد و گفت :
مرگتان باد ؛ از این رخوت و نازایی بغص؟
برق اگر آمده، آتش به مزارع بزند
یخ ببارید به او؛ با دلِ دریایی بغض
دل اگر روزنه یی داشته باشد ، به امید
غیرت و عشق ، ببارد ؛ ز شکوفایی بغض
بی ثمر می شود از عشق ؛ هجومِ بوران
گر شناسند همه ، عاطفه پیمایی بغض
استخوان سوزی پاییز به جایی نرسد
باغِ سرسبز بوَد ، حاصلِ زیبایی بغض .

بیست و سوم مهر ماه نود و نه .

[شیلان گەیلانی]

نەورۆز

هەر نەورۆز بەفرەکەی لادا لەسەر ڕوو
گوڵەنەورۆز ڕسکا خاک ئاوەڵا بوو
لە سپێدەی نەورۆز و ڕووی خاکەلێوە
چریکاندی بولبول شنەیش بە پێوە
کە نێرگز چاوی بەختی بۆ کراوە
وەنەوشە بەو بەرامە تێر گەشاوە
تەمیش لاچوو لەسەر ڕوخساری گوڵزار
خوڕەی جۆبار بەزاندی بەفری کۆسار
قاسپە قاسپی کەو و گەرمی کەژ و کۆ
چ حەشرێکە لێرە دیمەنی ئاسۆ
هەموو چەقڵی گوڵزار کەسک و جوانن
بۆ کەس دەرناکەوێ دڕکی زستانن
سروشت دڵخۆش و شەنگەبی ئەویندار
مەل و مۆ بە سەمان لە سەر لقی دار
متوربە بوو دڵم بە بژوێنی یار
شمشاڵ هاتە دەنگ شلێرە بەرەو خوار
هەرەتی ئەوینە لە خاکەلێوە
خەملاوە گیاجارِ شنەیش لە ڕێوە
بەڵام سفرەی هەژار گەر گرد و کۆ بێ
ژەمێ خاڵی ژەمێکی ژان و سۆ بێ
نەورۆز پەردەی تەمی زستان دەپۆشێ
پەڵە هەور وەک دڵم فرمێسک دەنۆشێ
خودایە بیگۆڕی وەرزی تەمتۆمان
ژیانی یەکسانی ببێتە بەشمان
نەورۆزتان پیرۆزە

[ناهید عرجونی]

کسی از ما

کسی از شنبه ها یمان عکس نمی گیرد
از نگاه های شرقی مان در غروب اردوگاه
و زن هایی که می دانند وطن
آواز مرده ای ست که برنمی گردد!
ما شناسنامه هایمان را برداشته ایم
با ترس هایمان که بزرگ ترند!
کسی از ما با چشم های بادامی اش گریه می کند
کسی از ما با چشم های درشت
من با چشم های جنگ زده ام
پرت می شوم
به حاشیه ی خبرها
وفکر می کنم شیمیای شده اند شعرهای ام
وحنجره ای که با آن بغض می کنم
حالا ما
به تمام زبان های زنده ی دنیا
گریه می کنیم ....
مرا به دریا بیاندازید
می خواهم با ماهی سیاه کوچکی
که توی کودکی ام بود
حرف بزنم.

[ئاڤا شین (عەزیز نێعمەتی)]

Gulê

şerma dareke razayî
hema hema
*bi xewneke teşene
,ji min re digirnije
ez li bin sîya wê
hesŧekê sarûwenda
xwe dixapînim
bi xeyalên te yên şirîn
Gulê
sebra dareke şiyar
hema hema
ji min re dilorîne
ez û hesŧeke tirsonek
li bin sîya wê ya revok
hêdî hêdî
dmirin
.....azad
teşene=kul, birîna gemar*

گوڵێ
شەرما دارەکە ڕازایی
هەما هەما
ب خەونەک تەشەنە*
ژ من ڕە دگرنژە،
ئەز ل بن سیا وێ
هەستەکە سار و وەندا
خوە دخاپینیم
بە خەیالئن تە ئێن شرین.
گوڵێ
سەبرا دارەکە شیار
هەما هەما
ژ من ڕە دلۆرینە
ئەز و هەستەکە ترسۆنەک
ل بن سیا وێ یا ڕەڤۆک
هێدی هێدی
دمرن
ئازاد...
*تەشەنە=کول، برینا گەمار

یادی شەهیدانی حەلەبجە لە ئاسۆی مێژوودا هەرمانە !

ادامه سخن لووتکه

تـــورم و بیمـــاری درکشـورمان باشـد. بعـد از حـدود بیـش از چهـل و چنـد سـال از فعالیـت ادبـی و فرهنگـی اینجانـب در عرصـه ادب ، فرهنـگ کـوردی ، فارسـی و روزنامـه نـگاری مسـتمر، کمـاکان مـی کوشـم همـان اهـداف ملـی ، انسـانی و فرهنگـی را عاشـقانه بـا همـکاری جمعـی از دلسـوزان ادب و فرهنـگ کوردسـتان در ایـن نشـریه در چهـار چـوب قوانیـن جـاری مطبوعـات، بـا تمامـی کاسـتی‌ها و زیـر و بم‌هایـش، در مقابـل توجـه و نظـر خواننـدگان گرامـی خـود داشـته باشـیم. همـان گونـه کـه اگاهیـد در سـال گذشـته ماننـد سـال‌های قبـل مـا شـاهد اتفاقاتـی ناگـوار بـرای مـردم درکشـور عزیزمـان بودیـم. هجـوم نـا بـه هنـگام ویـروس چیـن پـرور و منحـوس کرونـا کـه جـان چندیـن هـزار نفـر از انسـان هـای بیگنـاه کشـورمان را گرفـت و صدهـا هـزار نفـر دیگـر را نیـز مبتـلا کـرد و هنـوز ادامـه آن در نابـاوری مسـئولان کشـور در تهیـه نـوع آن و دوز بـالای ملیونـی آن کـه بعـد از تاخیـر چنـد ماهـه و اعتراضـات مـردم بـرای تهیـه واکسـن در دنیـای مجـازی ، سـرانجام کار بدسـتان بـه اسـپوتنیک روسـی تـن دادنـد و.... . خوشـبختانه تـلاش دانشـمندان و انسـان هـای متفکـر بشـر دوسـت در کشـورهای امریـکا و انگلسـتان بـا سـاختن واکسـن فایـزر ، مدرنـا، اکسـفورد و جانسـون جانسـون و تـلاش روسـیه و چیـن و هنـد و اسـراییل و کـره جنوبـی بـرای درسـت کـردن واکسـن و کشـف داروی ضـد کرونـا خدمتـی شـگرف بـه جامعـه انسـانی را رقـم زدنـد کـه در عـرض ده مـاه بـا دسـت آوردهـای عظیـم پزشـکی جهانـی تـوام گشـت و برخـلاف گذشـته کـه تهیـه واکسـن بـه ریتـی چهـار تـا هفـت سـاله را نیـاز داشـت ، در مدتـی بـاور نکردنـی و کوتـاه دراختیـار مـردم شـگفت زده ی جهـان قـرار دادنـد. ادامـه‌ی اعتراضـات مـال باختـگان در مقابـل بانک‌هـا، تاخیـر در پرداخـت حقـوق بسـیاری ازکارگـران کارخانه‌هـای ارزشـمند کشـورمان توسـط کارفرمایـان یـا دولـت، چندیـن دوره اعتصـاب معلمـان شـریف و دلسـوز کشـورمان در رابطـه بـا مشـکلات آموزشـی و حقـوق بسـیار کـم آن‌هـا و متاسـفانه دسـتگیری تنـی چنـد از آن بزرگـوران، ادامـه اعتراضـات بازنشسـتگان کـم درآمـد ، پرسـتاران ، مـال باختـگان بـورس و ..... .دو هفتـه نامـه لووتکـه در چنـد سـال فعالیـت صادقانـه و اطـلاع رسـانی درسـت بـرآن بوده اسـت کـه در راسـتای اهـداف فرهنگـی ، هنـری و اجتماعـی خـود ارزش قلـم بدسـتان شـریف و فـداکار منطقـه غـرب کشـور بویـژه کوردسـتان و در نهایـت کشـور عزیزمـان ایـران را نگهـدارد. بدیـن وسـیله تشـکر قلبـی و سپاسـگزاری خـودم را تقدیـم شـما نازنینـان مـی نمایـم کـه بـا آگاهـی و پشـتیبانی و حمایـت قلمـی و معنـوی خـود دوهفتـه نامـه‌ی لووتکـه خودتـان را درسـال گذشـته (سـال ۱۳۹۹) بطـور افتخـاری و بـی چشمداشـت پـاداش مالـی بـا درک مشـکلات مالـی و اهـداف فرهنگـی ، گرانـی کاغـذ، عـدم اسپانسـر فرهنگـی مالـی، نبـود آگهـی هـای دولتـی و..... بـی توجهـی مسـئولان وزارت فرهنـگ و ارشـاد اسـلامی در اجـرای وعده‌هـا و عـدم پرداخـت مسـمتر یارانـه مطبوعاتـی یـاور بودیـد. امیـدوارم کـه درسـال پیـش رو نیـز مـردم شـریف منطقـه غـرب کشـور و اسـتان کوردسـتان و دیگـر نقـاط کشـور و حتـی سـرزمین‌های دوردسـت جهـان از سرچشـمه لایـزال دانـش و قلـم و هنـر شـما مهربانـان و پشـتیبانی بیدریغ‌تـان از نشـریه‌های محلـی بویـژه دوهفته‌نامـه لووتکـه کـه متعلـق بـه خـود شماسـت، برخـوردار باشـند. دسـت‌های گـرم شـما را بـرای همراهـی ایـن نشـریه در ارتقـا فرهنـگ و ادب و هنـر کشـورمان بویـژه در منطقـه کـورد نشـین غرب کشـور و کوردسـتان جهـت اطـلاع رسـانی درسـت کمـاکان مـی فشـاریم. تشـکری ویـژه هـم بـرای هیـات تحریریـه‌ی زحمت‌کـش و دلسـوز دو هفتـه نامـه لووتکـه کـه جمعـی بنـا بـه مشـکلات موجـود رفتنـد و جمعـی کـه بـه تازگـی بـه مـا پیوسـتند کـه بـه طـور افتخـاری بـار مشـکلات مالـی نشـریه را آگاهانه شـناختند و در سـرما ، گرمـا و مشـکلات پیـش روی و هجـوم بـی امـان دنیـای مجـازی در اینترنـت ، بـا ضعف‌هـا ، نابسـامانی و نقطـه قـوت سـامانه‌های آن دنیـای تـازه و فراگیـر کـه از مرزهـای فیلترینـگ نیـز گذشـته اسـت ، یعنـی فیـس بـووک، تلگـرام ، اینسـتاگرام، تویتـر، یوتیـب، واتـزآپ ، سـیگنال و .....کـه بـی گمـان مشـکلاتی عدیـده‌ای را در مـورد اسـتقبال مـردم از رسـانه‌های مکتـوب فراهـم کـرده اسـت ، دل بـه ادامـه همـکاری و خدمـت فرهنگـی در رسـانه‌ای مکتـوب خودشـان داشـتند و در تلاش‌هـای مستمرشـان بـرای هرچـه بهتـر شـدن و کیفیـت خـوب اطـلاع رسـانی مطالـب لووتکـه، همـواره هـم درگذشـته هـای دور و چـه در چنـد سـال گذشـته همراهانـی دلسـوز و اسـتوار بودنـد. همـواره ثابـت کـرده ایـم مـا عاشـقانی هسـتیم کـه دل بـه ارتقـا فرهنـگ و ادب ، همـراه بـا امنیـت ، رفـاه، عدالـت اجتماعـی و سـر بلنـدی کوردسـتان بسـته ایـم.

مدیر مسئول و صاحب امتیاز دو هفته نامه‌ی لووتکه
ایرج عبادی

[مسعود زندی]



امکان درصدی هست

زیر لب سخن گفتن
بخت راه تازه ای که ندارد
به باور نکردنی هایی رسیده ایم
مشتم گره میشود و _
_دندان هایم
از قدم هایی که
صبر کش است و_
_صبری کش
سیلاب ها / راه های بسته را
و ما زودتر از سیل به مقصد میرسیم
قفل ها دیرتر از آرزوها
سرعت ما از ایستادن بیشتر است
چه وحشی،وحشتی
جنگل را هنوز
چند درختی هست
اره و تبر
سر از رفت ها درمی آورند
روزها بیشتر از اینها
کنار نمی آیند
سمرقندی هم قبول
حالا شاخ نبات باشد و
شیرازی نباشد
یخ ها که آب شد
دوباره خانه ای بنا کنیم
نزدیک خانه مانلی
امکان درصدی هست
تا تو کا ها
دوباره برگردند.
دی ماه ۹۹

[سودابه زەنگەنە - کرمانشان]



جاده گذشته

بازگشته ام
تاخودم را باخودم ببرم
می دانم دیگر باز نمی گردم
در همان کوچه
زیر پلک پنجره
عاشقان را می شمارم
نکند کم شده باشند
مردمان بدون سایه
همدیگررا
در آغوش نگرفته رهامی کنند
من چراغهای خاموش کوچه را شمرده ام
هربارعشقی می میرد
هربار صدای پایی کم می شود
کوچه ای که...
در بن بست به وداع می رسد
سکوتم جیغ می کشد
لال می شوم
پرهایم را جا می گذارم
تا پرواز کردن از یادم برود
برای یک پرنده
گاهی پریدن مرگ است.

[شوانه فازڵنیا]

نهێنی سەر

نهێنی سەر
دە فانوسی تۆدا خەونی خوێن:
خەونی سەعاتی سبەینێ شکاو
ئەژماری «ئەلف» ی بێزار
«لام» ی زامداری گەروو

نهێنی هەنگاو
دە ئاورگی تۆدا تراویلکەی داسێک
غەریب:
چوار گۆشەی ئەسپ ئەدرویێ و
باڵندە بە لێوار دا دوورمانی خوێن

بە نەییستانی لەش دا
دووره شانی قەرەجێک شنە شن
پاڵ دەدا بە بزەی تاریک

وە درەنگانی دەستێک تا شەکانەوی گورگ
فەرمووی لە وەڤدی تاریکە

سەرەتا ئایە بوو دە لێوەکانی زەمەن دا

وەرمگێڕە سەر ئایەی تەورێک
کە دەنێژێ شەهوەتی هەڵپەڕکێی بەڕو،
بەڕوکانی خەمینی مەمک
کە بە حافزەی فوراتەوە
جڵەوی ئەسپی تاریک دەگرن

ڕابردوویی پەنجەکانت داگیرسانی باڵندەیەکە لێل...
باڵندەیەک نۆتی خوێن
بە سەر ژێی سینگم دا

چارەنوسی دەستت دەلاقەیەک
چۆارگۆشەی نەقوستان بە مێژووی دیوار دا

ڕامانت لە وەهمی وەستاودا
حەجمێک بو لە خۆکوژی فانووس

وە من

غوربەتی تەرمێکم
لە هەموو زەریایەک ڕاداشتووە

[منصور دولتی]

نبض خاک می زند

باد می وزد
آب در شیارِ خاک می دَوَد
نورِ آفتاب ؛
همرکابِ قطره های آب
می رود درونِ ریشه ها
می چَمَد به چشمِ دانه ها
مارمولکی به زیرِ سنگ می خزد
نبضِ خاک می زند به فیضِ آب و باد و آفتاب
کوششِ عناصر از برون و جوششِ پدیده از درون
حاصلش
زایش است و رویش جوانه ها
گل ؛
چمن چمن شکُفته می شود
بُلبُل از نشاطِ گل غزل غزل
ساز می کند ترانه ها
انعکاسی از سرودِ زندگیست
قار قارِ
زاغ‌ها و قور قورِ قورباغه ها
عنکبوت تیره تار می تنَد بگِرد خویش
تورِ صیدِ اوست
این پُلی که بسته
بینِ ساقه ها
جیک جیکِ سارها و جیر جیرِ جیرجیرِکان در
آسمان رهاست
آه ...
آری ؛ این همان بهشتِ جاودان ماست
شعله هایِ عشق در دلم به شوقِ زندگی
می کشد زبانه ها ؛
جامِ باده ای و یارِ ساده ای اگر بُوَد
گوشه ی فراغتی ست این بهشت
بهرِ بوسه های آتشین و طرحِ عاشقانه ها .

[بەهەمەن قرە داغی]

بەزمی بایەقوش

کەوش لە پای پەنجا ساڵەی شەوەق گوم‌کریاگم
دڵم سفرەی پڕ لە خەیاڵ و
گیرفانم گاوس نووقی پڕ لە خالی و
هاڵم هامسای چللەی زمسانە
شەکەتی شکیایە وە گیانمو
دەوروبەرم بەزمی بایەقوش و کەفتارە
ئازای گیانم بوو گەنیاگی خورافە و جاهڵی گرتیە
وەک زاگروس و بەلوت داڵک مردگ پڕ لە ئاگرم
وەختی لە وەراوەر ئاینە باڵا کەم
تا بڕازنمەوە
ڕوومەت ڕمیاگم
ئاینە وەک داڵکی پڕ لە پەرپۆلە و خوەر و کیەنی
ساده و سۆرەرەقان
وە گۆرەشگەم خوەنی
«شەوەق، شیوەی شیرین زانایيە
زانایی، میوەی خاس خەوەریە
خەوەری ،شووڵەی شایی کتاوە
کتاو، چرای ڕیە و ڕزگاریە
بەیانی و بانجەس
کتاو ...»
ڕاسی ڕاسی چەنی کتاوم؟
چەنی خەوەرم؟

[کەریم دافعی (ک.د. ئازاد)]

شەختە لێیداوە شێعر

شەختە لێیداوە شێعر، بێ نەشەیە لێوی گەلیش
تا بەهاردێ دڵی من کەیلە لە بێستان و مەلیش

نیە بولبول بە چریکەی گەشە کا باخ و وڵات
داخەکەم مەسکەنی قاڵاو و دەڵە و لانی قەلیش

دەشت و مەزرا پڕی کەمتیار و بەراز و گورگە!
هیچ هومێدێک نیە تازە! ببێ خەرمان و خەلیش

گەلێ پەڕ پەڕ بوو هەڵاڵە و گوڵی ئەم دەشت و کەژە
لەو بەهارەی دا خەزان کاتی نەبوو بۆ ئەجەلیش

هێندە بیستم لە شێعر بۆنی ڕیا و ماتەم و خەم!
ڕقم هەستا لە قەڵەم،هەم لە قەسیدە و غەزەلیش

قەڵەمێ بەرزە سەری، خاوەنی پاک بێت و بوێر
خۆ دەنا ئەو قەڵەمە دەچتە دەسی زۆر دەغەڵیش

هێندە گەستم لە ڕقان لێو و زمانم کە خوێن
هەم ڕدێن و چەنەگەی گرتووە هەم چنگ و پەلیش

ئێستە مەیدانی سیاسەت بیر و زەینی گەرەکە
ڕەنگە پێی وابێ کەحێلە، گوێدرێژێکی شەلیش

زاڵمی خاک و وەتەن وەک بوتە لای خەڵک و تەرەس
جێی خودای گرتووە ناکەس، بۆتە هانا و هوبەلیش

ڕوونە ئایەندە،سبەی شادییە، سەربەستییە! گەر
ڕاپەڕێ ئەم گەلە بگرێتەوە کوێستان و کەلیش

ئەو خەمە من دەکوژێ خێڵی قەڵەم زۆرە بەڵام
کەمە زەوقی ئەدەبی و بیری وڵات و ئەمەلیش

ئاخ لە بۆ چەک بگوڕێنێ لە دەرە و دوڵ و چیا!
چەک و پێنووسی دەوێ ئەم گەلە ڕامالێ هەلیش!

ڕێزی سەربەستی دەزانێ گەلەکەم،داخ و بەڵام
هەر سیا بەختە دەڵێی کوردە لە ڕۆژی ئەزەلیش

زۆر بە ناحەق پەتی سێدارە لە سەرمان دەگوڕێ
لە وڵاتێ کە بە ناو حاکمە ئەڵلا و عەلیش

نەفرەتم زۆرە لە دوژمن گەلێ تووڕەم لە کەسان!
قەت وەخۆی ناگرێ شێعر و بەری تەسکە غەزەلیش!

وەکوو (ئازاد) دڵی ئەم خەڵکە هەموو خوێنە بەڵام
سەری پڕ شۆڕی دەوێ بدوێ لە خاک و ئەمەلیش

[کورش احمدی]

مار و صلیب

یکه به یکه اِشان را دوست داشتم
لب گشودم که بگویم ؛
_ پس درخت نور» اوستا « ...؟!
آشفتند . مار شدند و نیشم زدند .
تو بگو کجا خودم را خواهم یافت ؟
من جسدی را گُم کرده ام ، جسدی ، می فهمی ؟
مار دندانم را می نوشد ، زبانم را می گَزد
چشم هایم لبالبِ زَهرند
بر زیر پوست ، می ماسَد ، زَهر !
مار چونان خون در رگهایم می خزد
قلبم بَر می فشرد ....همراهان ؛ ...قلبم
اگر آمدی ! با کاردی سَلاخ بیا ...
ماری در زیر بطن چپ سینه ام حلقه
گشوده
هَی می گزَدَم
هَی می گزَدَم
هَی می گزَدَم
و دیریست که در درون مرگ خود من می
زییَم !
«سرِ مار را در کاسه ی ماست می گیرد و
در زیر صلیب (مترسک) ، کودکیش را
تکرار می خواهد» . همین !

[لەیلا گورگانی]

بۆنی باران

بزەیەکت هەڵدەگرم و
ئەیخەمە سەر لێوەکانی با،
تا لە کازیوەێکدا
دڵی خۆر بڕفێنێ و
تاریکی ئەم وەرزە تاڵانە
ڕوون بکاتەوە،
حەز ناکەم ببمە ئاوات
کە هەر کات
حەسرەتم لە دڵی جگەرەیەکدا هەڵمژن،
حەز ئەکەم
پەپوولەیەک بم
کە هەموو شەوێک
لە پشت دەلاقەی ژوورەکەتدا
ڕادەوەستێ و
وشەکان لە بێدەنگیتدا
ئەبن بە جوانترین هونراوە و
باڵی خۆشەویستیم
پڕ ئەکەن
لە بۆنی باران.

[سۆران حوسێنی- بانە]

بۆنی ئازادی!

جادەیەک
خۆی لە سەرتەوە پێچاوە
قژەکانت
بە بای خەیاڵێکەوە
جادەیەک بە سەرتەوە دائەپۆشن
پەنجەیەک خەریکە ئەترازێ لە پەنجەم
گەردنت بۆنی ئازادی ئەدات
نیگات
نادیارێک ئەپشکنن
من ونی نادیار و وێڵی جادەیەک ئەبم
جادەیەک
پشتمان پێ ئەکاتە یەک
جادەیەک خۆی لە هەردووکمانەوە پێچاوە
تۆ
قژت بە بای خەیاڵێکەوە
دای ئەپۆشێ
من
باڵا بە باڵای دەگرم و
خۆ لە لاولاوی نیگایەکەوە دەپێچم
بەرەو نادیار
پەنجەیەک ئەترازێ و
خەیاڵێک ئەسرەوێ
پرچێک شۆڕ ئەبێتەوە و
جادەیەک
ڕووت ئەبێتەوە ڕووبەڕووم
جادەیەک
کە خۆی لە سەرتەوە پێچاوە و
تەمێک
بە سەرنیگاتەوە ئەنیشێ و
نادیارێک
کە ئیتر ناگەشێتەوە
ون دەبێ گەردنێک
گەردنێک کە بۆنی ئازادی لێ دەهات!.

[ئیرەج عیبادی(هەواری سنە)]

دڵم داناوە بۆ سەربەستی

هەموو دڵەڕاوکەکانم
ڕووداوەکانی سەرشێتی پایز دەژمێری
کاتەکانی لە دەس چوو
چاوەڕوانی هەتاو و شێعرەکانی بارانن
شتێک وەکوو قەقنەس لە دڵما ڕادەوستێ
تا تۆ هەستانێک باڵابەرز لە کوردستاندا
هەڵخەی
لێم گەرێ باوان
با خەفەت بارانت نەکەم
خۆشەویستی
یانێ
یەک گرتنەوەی دەست و قەڵەم وئاواتەکانی
نمی نمی مانگ
چەکێ سەربەستی لە سرشانم دڵگرانە
ساڵ هایە
خەونی ڕزگاری شێعر و عەشق و مۆسیقا دەبینم
تۆ دەبینم
هاورەکانی یەخسیری مێژوو
وڵاتەکەی ئاگر دڵی بێ تاوانم
لێم مەپرسە بۆ زیزی لە زەنجیرەکانی بەیانی؟
لە چارەنووسی کاتەکانی تاسەبار
شێعر وچەک و دڵی سەردەم نائارامە
هاتووچووی تەرمی گەنیوێکی لەبەرچاوە
ناوی بنە دیوەزمەی تاریکی و تاڵانکەر
کەسێک ئاڵای خۆرۆشی هەڵگرتووە
بروا
شاری هاوارەکانی نەبڕاوە
دەنگ ئەداتەوە!

[بەیان عەلی رەمایی]

لێرە کات بە وەختی خۆشەویستی

لێرە کات بە وەختی خۆشەویستی
٢٤ سەعاتی رۆژە و
لەوێ کات بە وەختی غوربەت
تەنیاییەکانی سازێکە
رۆحی تینووی تێکەڵ بە شنەی «ئاویەر»
ئەبێ.
لێرە تاسە بە دوای دەنگێکدا ئەگەڕێ و
لەوێ غوربەت بەردەوام ترین ئازارە
لەم دێو دیوار
دڵتەنگی جۆرێکی تری مردنە و
تەنیا غوربەت لە شەقامەکاندا پیاسە ئەکا
کووچە و کۆڵان، وێسگە و گەڕەک
باوەش باوەش بێقەراری دابەش ئەکەن
بێقەرارین وەک رۆحی یاخی بووی «جەلال»
گۆرانیەکانی «کەمەندی»
وەک پەیکەرە ماندووەکەی «کاکە هادی»
کە بەردەوام
دەستی تاسەی بەرەو ئاسمان هەڵکشاوە.
لێرە ئیتر وەکوو جاران
باڵندەکان بیر لە فڕین ناکەنەوە
جێ ژووانەکان چۆڵن لە شوێن پێ نازاران
سووچ بە سووچی تاسەکانیش بەینە پاوە
کەس ناونیشانی سوکنایی لەبەر نیە
تا چاو بڕ ئەکا تەنیایی
بەسەر رۆحماندا ئەبارێ....
دڵتەنگ مەبە !
خۆڕپەی دڵت
بە سۆزی کلارینت بسپێرەو
خۆشەویستی چۆلەکە باڵ وەریوەکان.
دڵنیاش بە
پلەی سەرمای غوربەت لێرە
سەد ئەوەندەی تەنیاییەکانی «استکهلم»
زیاترە.

[سوهەیلا مێهەمی]

زریکەیەکی ئەبەدی...

ئەم ئێوارانە
لە کوێنەی زەویندا بنێژم
کە لە نیگایەکی شەقامدا
چرۆ نەکات
تا تۆ خەمەکانت لە گۆشەی ڕووسەریەکەتدا
گرێ نەدەی
کە بونبەستەکان ڕێ لە جادە نەگرن
تا برین لەم شەقامەوە
قیتەوە نەبێ
من ئەم شەوە
لە کامە کازیوەدا بتوێنمەوە
نەنووستێ بێ!
یا لە سەر کورسییەکەوە
ملی بە تەنافەوە نەکردبێ
دە پێم بڵێین
دڵەڕاوکێ نەگەڕانەوە
چۆن چۆنی
لە شەونخوونی داماڵم؟!
کازیوە کە هیچ
من زریکەیەکی ئەبەدیم لە ئاوێنە
تۆزگرتووەکانی مێژوودا
بە گوڵەکانی داوێنمەوە
بەهار گرێ دەدەم
کە شکۆفەکانی لە بەفردا نەسووتا بێ
خەونێکی لاسار
وەرزە خولەمێشییەکانم
دەخاتە بەهار و
لە شیعرەکانمدا دەست لە ملم دەکات و
گەردن ئازایی دەخوازێ
کچێک لە ناو ئەم دێڕانەدا
پەپوولەییەکانی کاڵ بووتەوە
هێندە فڕینی فەرامۆشە
بە هورۆژمی ڕەشاییەوە
دەمەوێ پەپوولەییم عاشق ببێتەوە
نە بە ئاوڕی دەلاقەکانی کپکراوە
عاشق دەبمەوە
بەو فانووسە دەریاییەی
چاوە چاوی دۆزێنەوەمە
عاشق نابمەوە بەو وەرزانەی
هەرەسی سەرما بە شانمەوە و
بە لوورەی گوروگەوە سەرقاڵ
لە نەخشاندنی ئەم هەموو
سێبەری بێ سەرەوە
بە مێشکمدا ماندووم
کە ئابڵۆقەن بە ڕووانین
بە ئاوساوی خاکەوە
دانیشتووم
چرۆیەکم بەسە بۆ هاورێیەتی!
ڕەنگە بە شێتم بزانی
دەستێک بهێنە بە ئاڵۆزی پرچەکانمدا
ببیستە لە ئەشکەوتەکانەوە هەتا
نهۆمی هەزارەی ئەم ئاپارتمانە
کچێک وشک نابێتەوە
فرمێسکەکانی بەو سەرینەوە
بە باڵی باڵندە کۆچەریەکان و
مەزرا سووتاوەکانی لۆکەوە
نووساوە.

[حەمەی کەریمی]

چ باکم لە مردنە

زۆرتر پیاوێکم لە عەکسی منالێم
بگرە مردن سووکتر دانلۆدمکا
من کە حزوورم لە جنسی شۆڕشی وشە بێت
چ باکم لە مردنە
بە باشووری سینەتا بمکێشە
با یەکەم کەس بم بۆ شۆڕشە خیابانییەکان
« غوربەت چ قفڵێکە بۆ دڵتەنگی « ٣
کە نەتوانم بە کەیفی خۆم بمرم
هەوایەکی کوێستانی هەڵمژم
حانمێکی ترافیکی ڕامبگرێ
پڕ بە خەت و خاڵەکانی
تۆ بێ خەیاڵ!
بێ خەیاڵی خاڵەکانی ناو سینگت بە
کە پیاوانی بۆشی کافتریا
هەڵیان کەندی
کونیان کردی
ئاشنا بوونمان بەم خیابانە ئیحتماڵەن هەڵە بوو
تۆ بەر لەوەی ترافیک بی، ڕۆشتن پیاتا قەدەغە
بوو
ئەوان تێتپەڕین
تێیان پەڕاندی بە چی شاعیر و ماعیرا
بگرە هەوسێ پارک بی بۆ دانیشتن
یان نیمکەتێکی زەخیرە بی بۆ نەخەوتن
فیلسووفە قژنەکەی دراوسێمان ئەڕواتە حەمام
بیر بە شانە و قژی موجەعەد ئەکاتەوە
ژنە جیرانەکەی ئەولای پاییزمان
حەسرەتی جوانیە لە دەستچووەکەی
بە بالکۆنەکەدا هەڵدەخا
ئاسانسۆری ئاپارتمانەکەیان قاپ ئەگرێ
ئەڕوا و سەر ئەکەوێ
قاتی « چوار «
هوو هوو
قاتی « شەش «
فیلسوفە قژنەکەی حەمام six دەیباتەوە..

کۆپلەیەک لە کتێبی» پارانۆیا «
١٣٩٨

[قاسم ئەرژەنگ (تاتە شەماڵ)]



ئنسان

(١)
من تەک واژەی سەر لاپەڕە نیم
ک تام گوڵێ کاقەزین بگرم
خەڵاتێ ڤڵاتێ بێ ڤڵاتم
ئەر هەقم یە بوو یێ واژە بنۆسم
ئنسانە مەنۆسم
ئەر مەژیتین قۆتە بەین
دەریا هەس
هەر چێ مووشین بووش
هەر ڤەخت هێزە مەگرین، هەر هێز گر
ڤتنت یا ک هێز گرتنت
مەڕمنێ بارگای دووزەخ و بەهشت فرووشەل
ژین فرووشی نیە
ئەۆ ک ڤتێ
بییە ڤێنەی ژین
ئەۆ ک هێز گرت بییە ڤێنەی زەمان
ئەژ ئەقربەی سات بپرس!
ک ها ڤیرێ
کەس و کارم ئاشق ژیان
ئەر منە مەژیم
ئەر تونە مەژین
دەنگ ئشق ها ڤیرمان
منە مەنۆسم ئنسان
هایتێر تو بووشین ئشق
هایتریش بێ مەرگی
*
(٢)
شەوێ ک خۆن مانگ
رووژێ ک خۆن هوێر، ماوە جەوهەر
خودنڤیسم
نامەی ئەڕا دەر و دەرڤەچ ماڵ و ئاسارەل خاکە
مەنۆسم
پەڵنگ سێنەم ڤازە مەورێ ئەڕای مانگ
کەمووتەر شێعرم مەنیشێیە سەر یاڵ خەیاڵ
شەوێ ک دار داخە مەکیشێ
شێعر ماوە پرسیار
مەنسوور مەپایە دار
داریش مەپایە مەنسوور
هەسیر مەپایە ئەینولقوزات
ئەینولقوزاتیش مەپایە هەسیر
بەقداد مەپایە هەڵەب
هەڵەب مەپایە بەقداد
ئنسان مەپایە ئنسان . . .

[ئەمین گەردیگلانی]



نەورۆز

ئاشقێکم ساڵەهایە چاوەڕێی نەورۆز ئەکەم
بێ ترووسکەی خۆری ڕووت تاریکە ڕێی
نەورۆزەکەم
وەرزی ڕۆحم بێ بەهارە و بەستەڵەک دەوری
تەنیم
بێنە بۆم تاڵێ قژی خۆرت بەجێی نەورۆزەکەم
ساڵەهایە چاوەڕێی پڕشنگی ڕوونی ڕووتە دڵ
کەی دەبێ ڕۆژێ لەگەڵ ڕۆژێ هەڵێی
نەورۆزەکەم؟!
ئەشق و هیوای، ژین و بریای، بۆ مرۆڤ و گیا
و زەوی
بۆیە وەک ڕۆح و دڵم خۆشم دەوێی
نەورۆزەکەم!
خاک و ئاو و زیندەوەر بەو هاتنەت دەژیێنەوە
ژین و هیوا دێنی ئەو کاتەی کە دێی نەورۆزەکەم!
وشکەساڵی، ئەم وڵاتەی کردە درکستانی خەم
سەد جزووی چاڵووک و پێکوڵ چەقییە پێی
نەورۆزەکەم
هێندە چنگی نایە قورگی خاک و کانی و باخ
و گوڵ
تۆ لە ترسی گازی خەردەل ناڕوێی نەورۆزەکەم!
بووکی هیوا هەر کە دێ باوەش بە شادیدا بکا
نەگبەتی لەو لاوە دێ، دەبتە هەوێی نەورۆزەکەم
پێتە مزگێنی بەهار و یەکدڵی و هەستانەوە
تۆ گوڵی هیوای هەوار و شار و دێی
نەورۆزەکەم!
ئەم وڵاتە ژوانی پاکی تۆ و گەزیزە و نێرگزە
دەک نەژیم گەر ڕێ بدەم پێ‌پەست کرێی
نەورۆزەکەم!
لەم هەواری ئەشقە بۆ هەر لایە دەفڕێ چاو و دڵ
بسکی زەردی تۆ شنەی دێت و لەوێی
نەورۆزەکەم!
چاوەڕێم ڕۆژێ شەماڵی ئەشق و شادی هەڵبکا
و
تۆ بە شاباڵی شنەی ئاڵاوە بێی نەورۆزەکەم!
بسکی زەردی تۆ لە هەر لایەک بڕسکێ شێعری
من
شانەیێکە و دێ، قژت دابێنە پێی نەورۆزەکەم!
دیومە من وەرزێ لە ئاوێنەی بزەی ئەم خاکەدا
بەرد بە سندەی گڵ دەڵێ: سەر بەختی ڕێی
نەورۆز ئەکەم
تا شنەی دارئاوسی هەڵکرد، بە باخا تێپەڕی
شاڵی متفەرکی لە سەر نا باوەلێی نەورۆزەکەم
ڕوو لە هەر یاڵ و بەڕۆژ و دوند و لاپاڵێ دەکەی
چەتری پەلکی زەردی خۆی هەڵداوە لێی
نەورۆزەکەم
شادی وەک سروەی بەهاری دێت و جا ئەو
کاتە تۆش
تاجی ئازادی لە سەر سەر دادەنێی نەورۆزەکەم!

[ئارام فەتحی]

من هەوایەکم

من هەوایەکم لە سەرمادا دێتەوە بیر
دێڕێکم لە کتێبا بۆی ئەگەڕێن
ڕەنگێکم لە تابلۆدا دەیبینن
کەسێکم لە دیوارا دەچنرێم
لە گۆرانییا دەوترێم
کە لە ئاجۆرتان ڕوانی، بیر لە دیوار بکەنەوە
کە لە ڕەنگتان ڕوانی، بیر لە تابلۆ
لە خوێنتان ڕوانی، بیر لە گوللە
من کەسێکم بازجووەکەی ڕۆژانە بیری ئەکا!
(حەجمێک لە نیگا
کۆڵانێک ئسترس)
شەقامێ کە ڕۆژانە بیری دێتەوە کە شەقامە
شەوێ کە شەوانە بیری دێتەوە کە شەوە
زەریایەک کە بیر لە خۆی دەکاتەوە
من کەلەپچەیەکم بیر لە مەچەکی ناوم
بڵندگۆیەکم بیر لە بەرزیی دەنگم و
من وشەیەکم بیر لە وشەبوونی خۆم ئەکەمەوە
دەبا شارەکان دەست بە شاربوونیان بکەن
با نیگاکان دەست بە ڕوانینیان
دەبا سەفەرەکان دەست بە ڕۆیشتنیان بکەن
با من دەست بکەم بەو شتەی کە هەم
هەتا پاییز پاییزبوونی خۆی ببینێ
من گەڵام
من لەرەم
هەتا با بابوونی خۆی ببینێ
ئارەقم من
هەتا هەتاو تاوبوونی خۆی ببینێ
بە بەفر بڵێ سپی ببێتەوە سپی
بە هەواڵ بڵێ ئسترس ببێتەوە ئسترس
بە سەرما بڵێ سارد ببێتەوە سارد
هەموو شتەکان ببنەوە خۆیان
گەنم هات و گەنم ڕۆی
ڕووان تەواو نەبوو
دیوار هات و دیوار ڕۆی
ڕاوەستان کۆتایی نەهات
سەفەر هات و سەفەر ڕۆی
ڕۆیشتن هەر مایەوە
دڵدار هات و دڵدار ڕۆی
خۆشەویستی هەر ژیان ئەکا
هەموو فێعلەکان ئەبەدین
ڕووخانە و دێت
مردنە و دێت
وەرینە و دێت
وەها کە گوللە بیری تەرمەکەی بکاتەوە
وەها کە زیندان، بیری زیندانییەکەی
وەها کە ئاگر بیری ئەو باخاتە بکاتەوە کە
سووتاندی
کەلەپچە بیری ئەو مەچەکە بکاتەوە تێی کرا
کە پاییز بیری کوشتنی گەڵاکانی بکاتەوە
من بازجووەکەم بیرم دەکاتەوە!
من بازجووەکەم بە گەنم ئەڵێ برسی بە
بە ئاو ئەڵێ بخنکێ
من بازجووەکەم بە ژیان ئەڵێ بمرە
چ بەخشەندەن ئەو ئاگرانەی دەمانسووتێنن
ئەو تۆفانانەی دەمانخنکێنن
چ بەخشەندەن ئەو زیندانانەی زیندانمان ئەکەن
چ بەخشەندەن ئەو مەرگانەی ئاواتی مردنمان
ئەخوازن
چ بەخشەندەیە بازجووەکەم
با سپاسێ بۆ زوقم بێترین، کە ڕەقمان ئەکاتەوە
سپاسێ بۆ شمشێر بێترین، کە بریندارمان ئەکات
سپاسێ بۆ مردن کە دەمانکوژێت
با سپاسێ بۆ بازجووەکانمان بێترین.

[شاحوسێن سەعیدی (غریب کردستانی)]

نبض خاک می زند

مە لێن تەنها شەوی یەڵدا درێژە
هەموو شەوگاری من یە ڵداس لەمێژە
لەلای هەموان لەدایک بوونی ژینە
لەلای من مەرگەساتی گۆڕەنێژە
شەویکی وا لەلای یارانی گیانی
شەوی چیرووکی عەشق و ڕاو و وێژە
نە هەر من مات وشەوبێدار و لێوەم
سەری چرکە ژمێریش کاس وگێژە
دەلیلی بای بەیانی ئاشنایی
بڕۆ بەو یارە دایم قارە بێژە
خەیالی تو پڵاسی تاری شەومە
پەژارەت شەوچراکەی تاڵ وتێژە
مەگەر من قەیسی نەجدی تاروتوونم
قەڵای شەو وا لە بەختم لار و لێژە
وەرە شەش دەر لە ڕووما ئاوەڵا کە
خەمی دۆڕانی نەردم پێ مەچێژە
وەرە با ڕوومەتت نووری شەوم بێ
سەری ئەسرینی مۆمم هەڵ مەڕێژە
بەگۆڕەوشاری ڕۆژم شین مەگێرە
گڵی گۆڕی (غە ریب)م دامەپێژە
سنە - شەوی یەڵدای ٢٧٢٠ کوردی

[جەلال سنەیی]

حەز

حەزم دەکرد ببمە دارێک
دەرکەم چرۆ و گەڵا و
عەتر و سێبەر
تۆیش لە پایدا
وچانێک بەی، لێت نەدا خۆر.

حەزم دەکرد لە سای
بەژنی ڕەشی تۆدا
چاوم تێر کەم لە گلێنەت
شیلەی بزەی زارە شیرینەکەت
تک تک بتکێ
بۆ لێوی قاقڕ و دەمی تینوم.
لێم ون نابن
چاوەڕەشەکەت-
کوڵمە گەشەکەت
قژی لوولی
سەر گەردن ئاسکەکەت
گەرما و بەرامەی لەشە ناسکەکەت.

[ئۆرمیە - سەید فەیسەل موجتەوی]

بهارا دوو زوستانێ

زوستانێ،
درەنگە ڤێ سپاهێ ئاگری تێتن دەر
نەرابی گەر شەڤێ دا وەخت پرتەنگە
کونێ رەش کەتنە نا ڤێ چادرا ئسپی
نڤێژا شەرفرۆشێ سارە دل ڕەش
بەسکە، بێ ڕەنگە
کەلا سارە سپی بەردە
ئەگەر نە لەشکەرێ تاوێ
ب لەزڤێ تێ
گری دێ بێخە بوت شووشێ زوستانێ
ۆ دی تیراڤ بن رووبار ۆ سەرکانی
ژ شەرماوا کو سەر ڕوویێ بوتان دا تێ
هەمی زندانیێ ئاخێ دە دامایی
ب ئاڤێ دێ ببن حەی
بێنە بەر تاوێ
گولێ ڕەنگینە مافوورا خۆزایا کەسکە فیرۆزە
د نەورۆزێ دە دەردۆرێ هەمی ئاڤان
گولاڤێ، مفتە دفرۆشن

ۆ دارێن بەر ستەم پەلگێ خوە هاوێتی
خودان بارن ۆ ڕووگەش دەڤ کەنی
ڕۆژێ ڕە هەڤرێ نە
بلند ۆ سەربلند ۆسەر بلندن ئەو

ژ سەرهەر گولکە ڤێ باغی
هزاران ئاشقێ شەیدا
وکی قومری ۆبولبول کەو
هەڤاڵێن خۆ دکەن پەیدا
دکەن گازی مەگەل ڕابن
ب هێزا قەنجیێ شابن
بهارەک کەسک ۆ سۆر ۆ زەر
وەکی بووکا د نا عەترێ دە رازایی
ئشارا چاڤکان دێژت
کیە دێمێ م راموست
کیە بسکێ م بەر بایێ سبێ بێخت

ئەزم ئەز، گەل، بهارا وە
خوەشی، گول سەبر ۆ یارا وە
دەراڤێن بەخت ۆ کەنیا وە

دزانی چۆ کورا بابۆ برا خووشکێ
ئەوێ ئەز کریە زندانێ
ب ساراڤێ
د کونجێ شڤ دە میڤانە.

[ئایدا مەجید ئابادی]

ئەوین،هەروا بەنێریی دەمێنێتەوە!

ماینەهەورییەکەم دەبەستم
بەکێوی بێستوونەوەو..
بەپێ دەگەڕێمەوە بۆ شارەکەی خۆم!
کۆتایی شانامە خۆشە
کە..» سارا « سێڵاو دەیبات و،
« ریرا « ــ با ــ و ،
منیش؛ تەنیایی و..
ئەوین..هەروا بەنێریی دەمێنێتەوە.
هەڵزێرینەکان لە(نیروانا)وە گەڕاونەتەوە
بەدووی نیشانەیەکدا نێوی دنیا بوو
بەدوای بەیبوونەکاندا کەژیان داگیر دەکەن
ڕاستگۆیانە خۆیان بەخاک ڕادەسپێرن !
پارچەکانی کراسەکەم
ببەستە ناوچەوانتەوەو
ڕکاتێ نوێژی سوور بکە،
خۆ بەلایەنی کەمەوە
ڕەنگە..کەسێ
گوڵاڵەسوورەی شووشەیی
بێنێ بۆ سەر
گڵکۆی دڵبەرە نەفرەتلێکراوەکان
مادیان ابری ام را به بیستون می بندم
و پیاده به شهر خودم باز می گردم
آخر شاهنامه خوش است.
سارا را سیل می برد
ریرا را باد
و مرا تنهایی
و عشق همچنان مذکر است.
عقاب هایی طلایی از نیروانا برگشته اند
دنبال نشانه ای که نامش دنیا بود
دنبال بابونه هایی که زندگی را فتح می کنند
و صادقانه خود را به خاک می سپارند.
پاره های پیراهنم را به پیشانی ات ببند
و یک رکعت نماز سرخ بخوان
دست کم کسی
شاید
بر مزار معشوقه گان نفرین شده
شقایق شیشه ای آورد..

قلەی کوە

LOOTKA

Independent Weekly Kurdish In West Area

دو هفته نامه‌ی لووتکه در انتخاب و ویرایش مطالب آزاد است. مطالب چاپ شده لزوما نظر گردانندگان آن نیست. گستره‌ی توزیع دوهفته نامه‌ی لووتکه: استان‌های کوردستان، کرمانشاه، آذربایجان غربی و ایلام می باشد. «پشتیبانی از نشریات مستقل و مردمی یک ضرورت فرهنگی است. کمک های مالی و همیاری خود را به حساب دوهفته نامه لووتکه عابر بانک تجارت ایرج عبادی به شماره کارت: ۱۴۹۲- ۵۰۵۰- ۸۳۱۰- ۵۸۵۹ واریز نمایید.»

آثار خود را به نشانی اینترنتی دوهفته نامه ارسال نمایید

سال پنجم/شماره پنجاه و هشتم/ شنبه ۱۶ اسفند ۱۳۹۹

آدرس: سنندج/ بهاران. میدان قبا بالاتر از CNG - بلوار امام غزالی-تقاطع زیبا شهر ابتدای ۲/۱۹

haftenamelootka@gmail.com

irajeb27@gmail.com

http//www.jaaar.com/archive/lootka

www.facebook.com\haftenamelootka

۰۸۷ - ۳۳۷۷۷۶۰۱

دوهفته نامه فرهنگی، اجتماعی و هنری کوردستان: فارسی/ کوردی

صاحب امتیاز و مدیر مسئول: ایرج عبادی - شماره تماس: ۰۹۱۸۳۷۳۳۱۰۸

همکاران: ئاکو کوردنسب، فریدون بهمنی - سعید نادری- کیوان زندکریمی

صفحه آرایی و گرافیک: سوران پیرخضرانیان

لیتوگرافی و چاپ پیام رسانه ۰۸۱۳۴۵۸۶۷۳۱

[هەرمان وتمانی]

خرۆشانتم

خرۆشانتم
لە چەشنی تەقینی کانیاوی دەمەو بەهار،
پێناودارم
وەکوو بلێسەی ئاگری نەورۆز،
ئەی مەملەکەتی قیژە لە تاسەت وڕماو،
هۆ نیشتمانی هاوار
لە دووریت تاساو،

من بارتەقای ئازادی
لە خوێنت گەوزاو
تۆ بەقەت هەنسک و ئازار
لە دڵدا جێماو

کە ڕۆیشتی
ئاسمان بارانی نارد و
درەخت گەڵاکانی وەراند
منیش
خووساو لە فرمێسک و زەردەگەڵا و ڕێژنەباران
دوا چیرۆکی ماڵئاواییم
لە ئاپۆڕای ڕەشی چەترا
وێنا دەکرد

کە ڕادەمێنی لە گوڵ
بیرەوەرییەکانی گوڵدان چڕژ دەگرێ
وێنەت دەگرم
تا ببینن لە غوربەتیت
گوڵێک ژاکا...

بە تابووتی باران
دواجار
شەکەت، ڕۆدەچیتە تەنیاییمەوە
وەک هەور
لە جەستەمدا مەییو
ڕوون... لە مندا
کە چۆمێک دەڕژێتە خەیاڵاتمەوە،
ناتبینمەوەهەرگیز
مەگەر نیشتمان شەڵاڵی سەوزەڵانت بێ
وە باران موسیقاری غەریبیم
لە زەردەی ئێوارانی تەنیاییدا
هێور هێور
بژەنێتەوە

سەر دەنێمەوە سەر سینگی خەم
پێوارەکانی عالەم گشتی لێرەدان
هەور، باڵوێزی بووژانەوەتانە
«با» هاوپۆلی لاپەڕەکانی لەگەڵ خۆیا دەیبرد،
مرۆڤایەتی لە ئێوەدا پنگاوی خواردبۆوە
ئێوەش
لە چرکەساتێدا
بوون بە باران و
دڵی کوردستانتان تێراو کردەوە...

[سالێح سوورزنی]

هیچ هەڵواسینی وشەیە بە باڵای زمانااا

ئەم دەقەی خوارەوە یانی هیچ چ چ؟
هیچ هەڵواسینی وشەیە بە باڵای زمانااا
یان لەوجاندنی مرۆڤە بە درێژایی گەوجیدا؟
شەرتە بە پلاوی هەموو درۆکانت شەو نەچم م.. بە
تەختە نا سەختە گوتنی ئەوانەی سەریان دەگۆڕنەوە بە
ناوڵنگترین حەزەکانی
ئیشتیات مرم کە هەر کە چوو چوو و شەرتی کرد بەدرۆ
بۆ شەو و سەختی تەختەی نەما تا هەرچی سەریان بە
دروونی کەشکەوە دەگۆڕی بە حەزی ناوشنگ بوو یا
لنگ دەرچوو لە یاد و نیشتەوە لە قووڵترین ئاشتی با و
دەسکی لەشم کەشەوانە رەقترە لە ئاگری لەشم
تا ئاوێ کە بێ ئەوەی پیسترین بێ شەکاوەیە شەوانە
لە رەقە نا رەق ق ق..
... نا دەرچوو بە سرکیی هەناسە و شەق بوو بە هەزاران
سپی و یەک دوو.. ئەگینا نە شەڕ هەراسانە و نە کا
دەکەنە هەمانە بە کتێب و بەکا مرد تا هەموو ناولنگ و
نا برا شنگ گیاترینە دەعبایە و دەعباااااااا یانی چی؟
یانی و هانی و هەموو سەگەکانی تەمەن من
ئەسیرترین تام بووم و بە رۆنیان دەزانیم م م ..
فەلەک و تەلەق و نەمەک و تەعام م م هەرنەمان و
مان باشە تۆ هەمیشە ئەگریایت و باوەشت دەکرد بە
هەناسەتدا تا کوێ ئ ...
- نا یانی هەلەق و مەلەق و تەماتە بە کیبۆرد و
هەڵفرین تا سەفارەت بە قافی سین یان شین و
کەرێتی ی ...
یانی و هانی بە تەتەر و جەماوەری فڵق تا ئەژنۆ..
با یان دیوار و بەرد پێکەوە دەبن بە مەسخەرە
یانی هەڵڕژانی وشە و شەوێکی دەوێ بۆ وەی رێکی
خەی!
یانی زمان بە»ژێ» و ترێ بە؛ ڕێ..
هەر ڕێی وامان نیە مەعباااش چ جیاوازە بڵێم تەعباااا
یانی گاڵتە کردن بە هەموو ئەشکەوتەکانی عقڵ مانگا
اا یان کردن..
یانی شەرتە سوێند دەخۆم بە خۆشترین خواردن
شەوانە گوێ نەدەمە درۆکانت و تاد.
تاد. چیە بۆقلە سەماوەر تا ماوە سەماوەر نەبووە؛ دەبێ
بە سەور و ماە زیاتریش هەی سەگ گ گ...
من ئەگەر تۆم پێ ناخۆش بێ، دەبی بە ئەو
دڵپیسی ناوێکە بە لەشتا دووریان بەهەرچی کەشەفەی
«ئستیل» ە! بۆ وەی گوتت بۆ تێرناخۆی بەو گەورە و
تریش ش ش.. گوتم بۆ خۆت ئەکەی بە شڵقەفڵق
دڵپیسیی تا بێت و دڵ پیس کا ئەو خۆی بە سێ
چەشنی تر کردی بە چیرۆک و خوی تیاکرد بە پیاو و
ژنی دڵپیس تەماح ئەکاتە قەڵەمەکەشت ت .. چیداوە
لەو دەقەی سەروە ئەگەر ژنێکی ئەحمەق نیت ت ت...
من یان ئەو
هەردووکتان!

[ئاکام کەوسەری]

خەڵوەتێکم بە رەنگ هەرچی لە پێستا ئەورووژێ

ەی سوورترین باوەشی ئارام
لە شەوی بێ تۆییدا
شین لە رەنگی کراسەکەتدا وەک هەناسەیە بۆ
مانەوە
خەون لە نەرمی دەستەکانتا
وەک لێوت کە شێعرترین رەنگی نووسینە
تلاوتل حەز دەپێوێ
ئاڵۆزیت قومارێکە و
لایلایەی شەوێ کە لە تۆدا بەهاری ئەخەوێ
ئارامیت....
-ئارامیم دەردێکە لە سەر شانی ئەو کوڕەی
باشوری خەوتووە لە چیرۆکەکانما
ئەی کچی باکوور و قومار و خەواندن
بێ خەویت ژانێکە و
ئەولاتری هەرچی لە منا خەریکە
لە لۆچی لێوەکانتا بماسێ
لە رەنج و دەمارەکانتا تل بخوا
تلاوتل بوونی ژن و نیشتمان
دەمار و خوێنی برینن
برین تۆ
من دەرمار و
لە ئێوارەی نیشتمانا
کوا حەزێ بۆ ئارامی و خەوتن
خوێنین نەبێ؟
شپرزیاگم یا رەحیم
رژانی گەڵا بە سەر پاییزا و
دوو هەنگاو ئەولاتر
دەنگێ ئارام بە گۆنای گوڵێکەوە
هەناسەکانی تێکەڵی با و
پێشکەشی ئێوارەیەک بە دەم سەمای گوڵزارەوە
ئارەقان ئەپێوێ تەنیایی
-شپرز یانی چەندە حەیرانی چیرۆکی "میم" و
تەنیایی شێرزاد حەسەن بیت
لە منا ژنێ شەقامەکان دائەکا و
لە خۆیا بێ خەوی
-ئێرە ئێوارەیە و پەنجەرەکان چ بێ رەحمانە
خەریکن لە منا ئەتوێنەوە
تۆ لە تەنیایی منا خۆت و
تێکەڵ بە چاوت
حەیران دەژەنم ئێواران
و من چ تاریک لە چاوانتا
دەخولێتەوە هەینییەکانم
ئەی رەشترین هاواری کپ کراو
لە گەرووی شەوێکی خەمۆکدا
لە پاش مەرگم
بریندارى ئەو وەرزانەی کە ئەتویست کۆی
کەیتەوە لە پاییزدا.

[حمێرا محەممەد ئەمینی]

غــوربەت

نە پەنجەرە سێبەر
نە نیشتمان لە منا هیجرەت
من دەچمەوە فەرامۆشی و
غوربەت لە خۆ دەگرم

باران تەرجومەی تۆیە
کە چۆڵ هەر ڕووانین و
برین قووڵتر لە
سەمای زام لە نارنج دا

ئێمە
کە
و
تن
ی
تەنیاییەکانی پاییز
تەماحی شێعر من و
نارنجیترین پەیف
لە پەنجەتا داگیرسام
کە تاریک چووی و مــن
لێڵ ڕژامە پەنجەرە

حیلانێک لە وشە
پەرتم ئەکاتە خەرەندێکی باڵابەرز و
ئێوارەیەکی شەرابی و
تابووتێک پڕ لە کاولیەکانی باران ....

تەنیاییم لێرە موستەتیلێک
لە بەرما تاریک
لە بەرما تەنگ
ئەم جەستەیە
تلاوتل بە هەر بارێک
لە گۆشەی چەپا دەگیرسێم
لە گۆشەی چەپا دەسەکنێم .
هاوینی ۲۰۱۷

[ڕامان سۆفی سوڵتانی]

ئەمشەو هەموو خەونەکانم

ئەمشەو هەموو خەونەکانم ئاڵۆز بوون
خەونم بە خۆمەوە دیت
سەری خۆم هەڵگرتبوو لە جانتایەکدا -کە
هی خۆم نەبوو-
دەمبرد.
خەونم بە شەقامێکەوە دیت
کۆخە کۆخ لەگەڵم دەهات.
بە بایەکی ناحەزەوە,
هەر ترکی دەزانی و لێی نەدەبڕییەوە.
خەونم بە قژتەوە...
بە قژتەوە...
کە لە دەستم دەرچووبوو...

[قاسم تاباک]

لەوە بە دوا
شێتانە دەژیم
شێتانە
فیشەک
لە حەوا دەکەم
دیکتاتۆرەکان
شێتانە دەکوژن
شێتانە دەبڕن
لەوە بە دوا
شێتانە چەک لە شان
دار و بەرد
دەپارێزم
لە بیرمە
لێنین
چاوەڕێی
سوور بوون بوو
چێرچیل
لە چوار ڕێیانێکی لەندەن
سیگار بە دەست
ڕاوەستا بوو و
جیهانی پڕ کردبوو لە دووکەڵ
شێتەکان
ترسیان لە دیکتاتۆر نییە
ترسیان لە هاوار نییە
من شێتم دیوە
لە سەر دار
هێلانەی کردووە
شێتم دیوە
فڕینی
فێری باڵندە کردووە
شێتەکان
کەس
بە کەر نازانن
کامێراکەت بێنە
تەماشا کە
نیشتمان
چۆن فێری جوڵانەوە دەکەن
شێتەکان
لە مەرگ دا
شەهیدن
کامێراکەت بێنە
لە سەر ئەو قەبرەی دانی
ترپەی
دڵی
نیشتمان
بپارێزە .

دەلاقە

نەورۆز لە ڕۆژهەڵاتدا

[لووتکە]

کوردستانی ڕۆژهەڵات وەکوو هەموو کوردەکانی جیهان نەورۆز بەجێژنی کۆنی کورد دەزانی. لە یەک مانگی بەر لە نەورۆز جوولانەوەی هاتنەوەی ساڵی تازە و بەهار کووچە و کۆڵان پڕدەکا لەهات وچووی مرۆڤ. ئەگەرچی گرانی ئامانی لە گەلی کوردی ڕۆژهەڵات برێوە، بەلام ڕەنگ و بۆنی جێژنی نەورۆز نابرێتەوە.ئەو شکۆ و کۆبوونەوە کە لە بەشەکانی تری کوردستان دێتە دێ، لە ڕۆژ هەڵاتی کوردستان بەرگری لی دەکرێ. دوو بەرنامەی بەگشتی بەر لە نەورۆز دەبێتە هۆی یەک گرتنەوەی کوردکانی ئێران کە هیچ کات دەسەلات توانایی داخستنی نەبووە و گەلی کورد لە هەر ئاڵ وگۆڕیکا ڕێزو تێکۆشانی خۆی نواندووە. یەکم هاو کات لە گەڵ گەلانی ئێراندا، دووایین چوارشەمەی ساڵ لە مانگی ڕەشەمەدا، دەبێتە تەقە و یاری ئاگر و فیشک باران لە نێو کووچەوکۆلان و بانەکانی شار و شارۆچەکەکان و بەشداری هەموو خەلکی مەڵبەندەکانی کوردستان بە هەڵپەرکی وموسێقا کە لە دەمەو ئێوارە دەستی پێ دەکا و تا نێوە شەو درێژەی هەیە. هەروەها لە شەوی نەورۆز ئەم کوبونەوە، گەورەتر و بەشکۆتر لە ڕۆژ هەڵاتدا بەرێ دەچێ. کە گەلانی تری ئێران ئەو جوولانەوە بە جد ناگرن. بەرگری کردنی هێزە نزامیەکان و پۆلیسی ئێران ناتوانێت ئەم یەک گرتنەوەی بە گشتی کوردەکان کەم ڕەنگ کاتەوە، هەتتا ئەگەر بۆوێتە هوی شەر و دەسبەسەر کردنی بەشدار بووانی جێژن. یەک شت لە بەر چاوە کە دەسەلات لە ڕۆژهەڵاتدا ئیزن نادات کە لە ڕۆژی نەورۆزدا، جێژن وشادی وهەڵپەرکی ئازادانە لە مەیدان یان جێگایێکی بەر بلا و وگەروە بەرێ بچێ. ،تەنیا دیداری کەس و خەزم و مێوانی بەجڵی تازەی کوردی نافۆتێ و بە ڕەسم وداب و نەریتی باب وباوە گەورەکانمان بە جێ ماوە و بەباشی بەڕێوە دەچێ. بریکیش دەچن بۆ سەفەر و حەسانەوە. یەک خاڵ لەم حەرەکەت وجوولانەوەی جێژنی ساڵی تازە لە بەرچاوە، کە یەک گرتنەوەی هەستی هەموو کوردان لە جێژنی ڕۆژی نەوروز پیشاندری، بەهارو پەرەپێدانی شادی و سەمفۆنیای ئاهەنگ وهەڵپەرەکی و چوپییە کە دووپات دەکاتەوە کورد دژ بە هەموو کوسپ و پەژارەو و ناکامییەکانی ژیانی، ناچەمیتەوە هەرمان و زیندووە. بەبونەی نهێنی بوونی دوردست کردنی تەقەمەنی ونارەنجۆک، هەرساڵ لەو جێژن و ئاگر بارانە، چەند کەس تووشی خەسار گیانی دەبن، بە دووایین ئەژماری بلاوکراوە لە لایەن حکومەتەوە، هەر ساڵ دەیان کەس لە تەواوی ئێران دا بە داخەو تووشی، زام وخەساری لەش بە هۆی یاری لە گەل ئاگر ودوروس کردنی تەقەمەنی ونارنجۆکی دەستی دەبن کە زۆربەیان خەڵکی کوردستانی ڕۆژهەڵاتن. بە هیواین ئەمساڵ نەوروز ڕەنگ و بۆنیکی تایبەتی بێ بۆ گەلەکەمان و شایی و سلامەتی هاوسەفری کاتەکانمان بێ ، پەتا ونەخۆشی و بێکاری لە ولاتەکەمان بە دوور بێ و لە ناو بچێت.

شهرداری سنندج

فرا خوان خدمات مشاوره شماره ۲۰۹۹۰۰۵۵۴۷۰۰۰۰۲۵

شهرداری سنندج در نظر دارد فراخوان خرید خدمات مشاوره انجام مطالعات مرحله اول و دوم آماده‌سازی محدود، ۳۲ هکتاری یخش الحاقی آرامستان بهشت محمدی به شماره ۲۰۹۹۰۰۵۵۴۷۰۰۰۰۲۵ را از طریق سامانه تدارکات الکترونیکی دولت برگزار نماید. کلیه مراحل برگزاری فراخوان از دریافت و تحویل اسناد فراخوان تا تهیه فهرست مشاوران دارای صلاحیت، ارسال درخواست پیشنهاد (RFP)، ارائه پیشنهاد مشاوران و بازگشایی پاکت‌ها از طریق درگاه سامانه تدراکات الکترونیک دولت (ستاد) به آدرس www.setadiran.ir انجام خواهد شد و لازم است مشاوران در صورت عدم عضویت قبلی، مراحل ثبت‌نام در سایت مذکور و دریافت گواهی امضای الکترونیکی را جهت شرکت در مناقصه محقق سازند.

مشاوران واجد شرایط رتبه ۳ یا بالاتر تخصص طراحی شهری یا شهرسازی

تاریخ انتشار فراخوان در سامانه: ساعت ۹ صبح روز پنجشنبه مورخ ۹۹/۱۲/۱۴

مهلت زمانی دریافت اسناد فراخوان: ساعت ۱۷ روز چهارشنبه تاریخ ۹۹/۱۲/۲۰

مهلت زمانی ارسال پاسخ فراخوان: (تکمیل اسناد استعلام ارزیابی کیفی): ساعت ۱۳ روز پنجشنبه تاریخ ۹۹/۱۲/۲۸

اطلاعات تماس دستگاه مناقصه گزار: جهت دریافت اطلاعات بیشتر در خصوص اسناد مناقصه **آدرس:** سنندج، خیابان امام خمینی، روبروی اداره گمرک، ساختمان شماره ۲ شهرداری طبقه سوم واحد پیمان و رسیدگی، تلفن: ۳۳۱۵۸۷۰۰- ۰۸۷

(شایان‌ذکر است-کلیه مدارک ارسالی بایستی دارای امضای الکترونیکی بوده و در سامانه بارگذاری گردد و ارزیابی کیفی بر اساس مدارک بارگذاری شده در سامانه ستاد صورت خواهد پذیرفت.)

اطلاعات تماس سامانه ستاد جهت انجام مراحل عضویت در سامانه: مراکز تماس: ۰۲۱۴۱۹۳۴- ۰۲۱

دفتر ثبت‌نام: ۸۸۹۶۹۷۳۷ و ۸۵۱۹۲۷۶۹

ارتباطات و امور بین الملل شهرداری سنندج